سنووری شاری قامیشلۆ لە رۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕووی سێ هێرشی تورکیا بووەوە

رۆژی چوارشەممە (23ـی تشرینی دووەمی 2023) سنووری شاری قامیشلۆ لە رۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕووی سێ هێرشی تورکیا بووەوە لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە، یەکەمیان کەوتە سەر دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری لە شارۆچکەی رەمەیلان، لە کاتێکدا لەناو شار لە پاشنیوەڕۆدا دوو ئۆتۆمبێلی کرانە ئامانج لە هەمان کاتدا نزیک گوندی شێراک لەسەر ڕێگای نێوان ناوەندی شاری قامیشلۆ و ناوچەی تربە سپی و نزیک شارۆچکەی تەل مەعروف رووبەڕووی هێرش بووە.

بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری رۆژئاوای کوردستان ئەمڕۆ پێنجشەممە لە بەیاننامەیەکدا شەهیدبوونی دوو هاوڵاتی و برینداربوونی پێنج کەسی دیکەی ئاشکرا کرد.

شایەنی باسکردنە، رۆژی دووشەممەی ڕابردوو، سوپای تورکیا گوندی عەون ئەلدادات لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری مەنبج بە چەکی قورس کردە ئامانج و لە ئەنجامدا حەوت هاوڵاتی مەدەنی بریندار بوون.